# بەلاغی کۆتایی کۆنگرەی هەشتەمی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ ولكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا ﴾

بزووتنەوەی ئیسلامیی وەکو زەرورەتێکی واقیعی و مێژوویی لەکوردستان پاش ئەوەی لەسەر دەستی چەندین کەسایەتی و بیرمەندو زاناو ڕۆشنبیری کورد پێك هات تا گوڕێکی تازە بدا بەشۆڕشی گەلەکەمان، بەباوەڕێکی پتەوترەوە بۆ دەرباز بوون لەهەموو چەوسانەوەیەك و دەستدرێژکاریەك کە بەدرێژایی مێژوویەکی دوورو درێژ کرابوویە سەر گەل و نیشتمانەکەمان، گەنج و لاوەکانی ئامادە کرد بۆ هەلگرتنی چەکی ئیمان و بەعیززەت و سەربڵندیەوە پەروەردەی کردن بەپەروەردەیەکی ئیسلامیانەو کوردانە لەدژی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری ئەوکات، دیارە ڕۆڵی شایانی مەرحوم (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز) بۆ دامەزراندنی ئەم بزووتنەوە شکۆمەندە لەساڵی (١٩٧٨) لەبەرچاوە، لەو کات و سەردەمەدا بوونی وەها جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕ بۆ خەبات و بەربەرەکانی، پێداویستیەکی حاشا هەڵنەگربوو، چونکە داگیرکەرانی کوردستان بەوپەڕی بێ بەزەییانەوە جینۆسایدی گەلەکەمانیان دەکردو، کوشندەترین چەك و سیاسەتیان بەکار دەهێنا بۆ ڕیشەکێشکردنی.

دامەزراندنی شۆڕش و خەباتێك بەم شێوازە کە هەڵقوڵاوی باوەڕی گەلەکەمانە بەمەبەستی پارێزگاری و خزمەتکردن بەدۆزی ڕەوای گەلەکەمان شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ئەمەش لەپێناو پتەوترکردنەوەی باوەڕی هەمیشە زیندووی ئیمان لەدڵی تاکەکانی گەلەکەمانداو، سەرخستنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافە ئینسانی و سروشتیەکان، چونکە هیچ گەلێك بێ بوونی ئیمان و باوەڕو خواپەرستی هەوڵەکانی بەرئەنجامی نەخوازراو دەدات بەدەستەوە.

بەدرێژایی کاروانی سەربڵندی نەپساوەی ئەم خەباتە موبارەکە ئیمانیە هەمیشە هەوڵ دراوە چاکترو باشتر ڕیزەکانی پتەوتر بکرێتەوەو کەموکورتی و ناهەمواریەکان لە ڕێگەی کۆنگرە یەك لەدوای یەکەکانەوە چارەسەر بکرێن و زیاتر ڕێگا لەبەردەمیدا هەموار بکرێت، بۆ خزمەتی زیاتر لەپێناو ڕێگەگرتن لەکەلێن و درز لەدیواری پتەوی ئەم ڕابوونە شکۆدارە، دیارە هەموو خەبات و شۆڕشێك بێ کەموکورتی نابێت و گەلێ تەڵەزگەو هەڵدێری لەبەردەمدا دروست دەبێت، بەڵام دەبێ بەوپەڕی لێزانی و حیکمەتەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

لەم سۆنگەیەوە کۆنگرەی هەشتەمی بزووتنەوەی ئیسلامیش هەمان ئامانج و مەبەستی هەبوو بۆ قایم و قوڵکردنەوەی خەباتی پیرۆزو وەدەستهێنانی مافە لەمێژینەکان، یان کوشتنی هەموو ناتەواویەك و دەربازبوون لەهەموو حاڵەتێکی ناتەندروست، چونکە ئاشکرایە هیچ گەلێك بێ دووژمن نابێت و هیچ حیزبێکیش بەبێ نەیار خۆی نابینێتەوە، لەکاتێکدا هەم بزووتنەوەو هەم گەلەکەشی لەبەردەمی ناحەزانیدا بوونی خۆیان بسەلمێنن و داوای سەروەریەکانیان بکەن.

بۆیە ئەم کۆنگرەیە ماکی جارێکی تر گڕوتین بوو بۆ هاتنەوەی مەیدانی خەبات و جووڵانەوەی شۆڕشگێری، چونکە ئاشکراو ڕوونە بزووتنەوەی ڕەسەن بێ ناحەز نابێ و دووژمنانی دینیش هەرگیز لێ ناگەڕێن ئیماندارانی ڕاستەقینە کاری سیاسیی خۆیان ئازادانە ئەنجام بدەن، وێڕای بەزین و نەخۆشبوونی دڵانی لاواز کە هەمیشە لەهەموو زەمان و سەردەمەکاندا بوونیان کەم نەبووەو دیسان دەبن، بۆیە خۆشبەختانە (کۆنگرەی هەشت) گرێ درا لەژێر سایەی ئیمان و بەرەوئاسۆیەکی ڕوون و لەپێناو ئاییندەیەکی شکۆدارتردا، لەژێر دروشمی (گۆڕان، تەبایی، کوردستانی بووندا)، بەڵێ بەناوی خواو پشت بەستن بەقورئان و سوننەت و لەژێر ئەم دروشمەی سەرەوەدا بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق هەشتەمین کۆنگرەی خۆی بەپێی پەیڕەوو پرۆگرامی باسك و بڕیاری جەخت لەسەرکراوی شورای ناوەندی ڕۆژی (٢٠٠٤/٨/٢٠) لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دەستنیشان کراو بڕیاریش درا کە ژمارەی بەشداربوان گونجانی هەبێ لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆدا، تا ئەندامانی کۆنگرە بەبڕشتانەتر ڕاوبۆچوونەکانی یەکتر تاوتوێ بکەن، بەئیلهام وەرگرتن لەئیمانی ڕاستەقینەو وەفاداری بۆ خوێنی شەهیدانی سەربڵند، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەوڵێکی جوانترو مەزنتر بدەنەوە بەخەباتی ڕابردووی خاوێنی بزووتنەوەکەمان، ئەندامانی بەشداربوو، نوێنەرانی خاوەن ئەزموونی بەرپرسان و نوێنەرانی مەڵبەندەکان و هەڵسوڕاوانی سەرجەمی ئۆرگانەکان بوون، بۆیە ڕۆژی (٢٠٠٥/٤/١) لەهۆڵی ژووری بازرگانی لەشاری سلێمانی کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی کۆنگرە دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، یەکەمین دیدار چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز بوو پاشان وتاری بەخێرهاتن لەلایەن لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەوە پێشکەش کرا، دواتر لەلایەن هەمان لیژنەوە وتارێك سەبارەت بەچۆنێتی کۆنگرەو ئیش وکارەکانی و بنەماو پرنسیپەکانی خوێنرایەوە، کە ناوەڕۆکی وتار گوزارشتی لە بەهاو ماهیەتی کۆنگرە دەکرد.

پاشان بەڕێز کامیلی حاجی عەلی ووتارێکی خوێندەوە کە کارو چالاکیەکانی (م.س)ی بەدوورو درێژی تێدا ئاماژەی پێ درابوو، تەوەرێکی تری کۆنگرە ڕاگۆڕینەوەو گفتوگۆ بوو لەسەر ئەو بوارانەی کە پێویست بوون، بەتایبەت داڕشتنەوەی پەیکەری نوێی ئەم ڕێکخراوەو دابەشکردنەوەی وزەو تواناکان بەسەریداو پێداچوونەوەی فیکرو تێڕوانین و ستراتیژیەتی حیزبی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام و مەنهەجی پاکی (قورئان و سوونەت)و سووربوونیش لەسەر خەباتی زێڕین و پتەوترکردنی پێگەی بزووتنەوەکەمان لەکوردستاندا.

دواتر لیژنە پسپۆڕیەکان لەبوارەکانی (سیاسیی، ئیداریی، دارایی، ڕێکخستن و پەیوەندیەکان، ڕاگەیاندن، جەماوەری و پیشەییەکان، کۆمەڵایەتی و پێشمەرگە دێرینەکان) لەئەندامانی کۆنگرە پێك هاتن و هەریەکەیان ڕاپۆرتی نوێی تێرو تەسەلی خۆیان پێشکەش کرد، دواتریش لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆی چڕو پڕیان لەسەر کراو بەکۆدەنگی پەسەند کران.
پاشان پەیڕەوو پڕۆگرام خرانە بەرلێکۆڵینەوەو پێداچوونەوە، وە بڕیاردرا کە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق بێ دەستکاری بمێنێتەوە، وە دروشمی (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) دیاری کراو سەبارەت بەئارمی نوێی بزووتنەوەش بڕیاری هەندێ ئاڵوگۆڕ بەزۆرینەی دەنگ درا، کە بۆ ئەمڕۆی بارودۆخ گونجاو بێت، مارشی سەرەکی بزووتنەوەی ئیسلامیش وەکو خۆی مایەوە، پاشان وردەکاریەکانی ناو پەیڕەوو پڕۆگرام بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە بخرێتە بەردەم کارو چالاکیەکانی شورای هەڵبژێردراو.
خاڵە گرنگەکانی کۆنگرەو زیاتر جەختکردنەوە لەسەری تۆکمەکردنەوەو پتەوەکردنەوەی پەیوەندیەکان بوو لەگەڵ هێزە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی کوردستان و سەرجەمی حیزب و لایەنە سیاسیەکان کە بەدرێژایی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوون و وجودی فیعلیان هەبووە، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی پەیوەندیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، واتە بەهێزکردنەوەی پردی پەیوەندی هێزو لایەنە عێراقیە ئازادیخوازەکان و لەهەمان کات وڵاتان و دەوڵەتانی خەمخۆرو دڵسۆز بۆ دۆزە ڕەواکەمان، یەکێکی تر لەو خاڵەگرنگانە کە کۆنگرە بەگرنگی زانی مەسەلەی پاراستنی کوردستانیەتی شاری کەرکوك بوو کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێ و نابێ سازشی لەسەر بکرێ، لەگەڵ ئەمانەشدا مەسەلەی فیدراڵیەت بۆ کوردستان و بنیاتنانی عێراقێکی فیدراڵی فرە حیزبی و یەکگرتوو جەختی لەسەر کرایەوە، وە بوێرانە تەواوی مەسەلەکانی وروژاندو پەنجەی درێژکرد بۆ ئەو حاڵەتانەی کە گەلەکەمان بەزیندوویی دەهێڵنەوە، وەك مەسەلەی سەروەریەکان و کەلتورو زمان و سیاسەتی حەکیمانەو ئەدەبیاتی خۆماڵی کوردی، وە بەردەوام ئیلهامی کۆنگرە گرنگیدان بوو بەپەروەردەکردن و هۆشیاریدان بۆ ڕۆڵەکانی بزووتنەوەو لەسەر ئەساسی پاراستنی عەقیدەی ئیسلامیی و ڕەسەنیەتی شوناسی کوردێتی.
ئەوەی ڕوونبێ ئەم کۆنگرەیە تەواو جیاواز بوو بەوەی کە حیزبی پاککردەوە لەهەموو دەستێکی تێکدەرو عەقڵێکی کورت و ئەزموونێکی کرچ و کاڵ و کەمترین مەودا نەمابوویەوە بۆ سەرەڕۆیی و هەرزەگۆیی، هەندێك لەو خەڵکانەی کە بەردەوام لەبیری درزخستندا بوون لە ماڵی کوردی و پەیوەندیە مرۆدۆستی و پەیوەندیە حیزبیەکان.
خاڵێکی دی دەستنیشانکردن و خستنە ڕووی ئەو سەروەیانە بوو کە گەلەکەمان وەدەستی هێناون لەقۆناغی ڕابردوودا، بەتایبەت پۆستی سەرۆکایەتی عێراقی فیدراڵ و وەرگرتنی چەندین پۆستی سیادی کە بۆ گەلەکەمان مایەی شانازی و فەخرو ئومێدن.
پاشان لەکاتژمێر (٦)ی ئێوارە دەستکرا بەپرۆسەی هەڵبژاردنی شورای نوێ و بەشێوەیەکی زۆر ئازادانەو دوور لەهەر سانسۆرو ڕێگریەك و بێ هیچ کێشەیەك و دیاردەیەکی نامۆی دوور لەپرانسیپەکانی هەڵبژاردن و لەکاتژمێر (٧،١٥)خولەك لەلایەن هەردوو لیژنەی ئامادەکارو لیژنەی دادوەریەوە سندوقی هەڵبژاردن داخرا، پاشان لەبینایەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی کاتژمێر (٩،٣٠)خولەك دەستکرا بەجیاکاری دەنگەکان و بەپێی ڕێژەی زۆرینەی دەنگ (١٥)ئەندامی شورای نوێ دیاری کران.
لێرەوە بۆ هەموو لایەك ڕایدەگەیەنین کە کۆنگرەی هەشتەمینی بزووتنەوەی ئیسلامیی بەپاڵپشتی پەروەردگاری گەورە کارو هەنگاوەکانی زۆر ئومێدەوارن لەپێناو بەرەوپێشچوونی زیاتری ڕێکخستنەکان و تۆکمەترکردن و گەشەداری بۆ پەیکەری نوێی حیزبێکی سیاسیی ئیسلامیی خاوەن ئەزموونی ناو مەیدانی خەباتی کوردەواری.
وەڕایشی دەگەیەنین دەرئەنجامەکانی کۆنگرە بەدڵنیاییەوە بەرهەمێکی باشی بەدوادا دێت، بۆیە دەبێ هەموو دڵسۆزان بەشێوەیەکی باشترو پتەوتر بێنەوە مەیدان و قۆڵی خەبات و جوامێری و خۆڕاگری لێ هەڵماڵن، تا هەمووان پێکەوە زیاتر خزمەت بەئاینی دێرین و (گشتگیر)ی گەلەکەمان بکەین و نیشتیمانە داگیرکراوەکەمان و گەلە چەوساوەکەشمان بەمافە بنەڕەتیەکانی خۆیان شاد بکەین، دڵنیاین کاروانی نەپساوەی خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامیی هەمیشە بەسەر دژەکانیدا سەردەکەوێت و کەندو لەندەکان دەبڕێت و خوای پەروەردگاریش ئاگاداری هەموو ئیش و کارەکانە.
بەئومێدی کردنەوەی دەرگای ئازادی یەکجاری دنیاو دوا ڕۆژ

سەربڵندی بۆ ڕێبوارانی هەمیشە خۆڕاگری کاروانی ئیمان
ماندوو نەبوون و سەرکەوتن بۆ دەستەکانی خزمەت
لە پێناو نیشتمان و نەتەوەیەکی چەوساوەدا
پلەو پایەی مەزن بۆ شەهیدانی بزووتنەوەکەمان
گەشەدار بێ قۆناغێکی نوێی خەبات
کە بەرهەمی سەرکەوتنێکی یەکجارەکی بێت.
والسلام علیکم

شورای ناوەندی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستان/عێراق
١٢/ی ڕەبیعی یەکەمی( ١٤٢٦ ) کۆچی
١/ی گوڵانی ( ٢٧٠٥ ) کوردی

۲۱/ی نیسانی ( ۲۰۰۵ )زایینی